# گەڕانەوەیەک بۆ مێژووی ئیسلام

## ئیسلام لە نێوان دین و سیاسەت دا

**هەندرێن حەمەدەمین**



ئەگەر خوێندنەوەیەکی وورد بۆ مێژووی ئیسلام بکەین ئەوە بە راشکاوی دیاریدەی بەئیسلام بوون و بە ئیسلام کردن ئەبینین ، ئەم خوێندنەوەیەش چ لە سەرچاوە ئیسلامیەکان بن یان نائیسلامیەکان، بەلام گرینگ ئەوەیە کە بتوانین بە ئیسلام بوون و بەئیسلام کردن لە یەکتر جیابکەینەوە، بزانین لە کوێ و چۆن خەلکانێک بوونەتە ئیسلام و چۆنیش خەلکانێکیتر کراون بە ئیسلام .

خودی مێژووی ئیسلام گەواهی ئەوەمان بۆ دەدات کە سەرەتای سەرهەلدانی ئیسلام بە شێوەی رێکخستنێکی نهێنیەوە لە یەکەم شانەی ئیسلام دەست پێدەکات کە بریتی بوون لە (موحەمەد،ئەبوبکر،خەدیجە،علی) . هەر یەک لەمانەش پێگەیکی تایبەتی خۆی لە ناو قوڕەیشدا هەبووە لە کاتێک کە قوڕەیشیەکانیش تایبەتمەندی تەواوی خۆیان لە ناو عەرەبدا هەبووە .

کەس نکۆلی لەوە ناکات کە یەکەم بانگەوازی ئیسلام بە عەرەبی بووە و لە نیوەدورگەی عەرەب بووە ، وە یەکەم ململانەی ئیسلام لەگەل خودی عەرەب بووە بەتایبەت لەگەل قوڕەیش . کاتێک کە ئەم مێژووە ئەخوێنینەوە (واتە مێژووی سەرەتای سەرهەلدانی ئیسلام) ، بە هیچ شێوەیەک هەست بەوە ناکەین کە ئیسلام دینێکە بۆ سەرانسەری مرۆڤایەتی ، بەلکو زیاتر ئەوە ئەبینین کە ئیسلام بزوتنەوەیەکی سیاسیە بۆ هێنانە پێشەوەی گۆڕانکاری لە بواری سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ وەرجەرخانێکی سەرتانسەری (عەقیدە) ئەکات بە یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەم گۆڕانکاریە، ئەمەش وایکردوە کە هەموو ئەوانەی بەرژەوەندیان لەگەل دەسەلاتی قوڕەیش ناکۆکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی بە ئیسلام بکەن یان بە شێوازتر یارمەتی ئیسلامەکان بدەن لە دژی دەسەلاتی قوڕەیش ، کەواتە ململانەکە ئەوەندەی ململانەی چینایەتیە و هەولدانە بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی و ئابوری ئەوەندە ململانەیەکی فیکری نیە، ئەوەش لەوەدا خۆی ئەبێنێتەوە کە خودی ئیسلام لە مێژووەکەیدا پێمان رائەگەینێ هەر لە سەرەتای سەرهەلدانی ئیسلام بەشی هەرە زۆری کۆیلە و هەژار و جەوساوەکان بوون خۆیان لە ناو ئیسلام دۆزیەوە و بە ئاشکراو بە نهێنی بوون بو ئیسلام، ئەمەیان ئەگەر راستیەک بێت بۆ بە ئیسلام بوون کە نکۆلی لێ ناکرێت ، بەلام بە ئیسلام بوونێکی فیکری یان عەقیدەیی نیە ، بەلکو زیاتر بەئیسلام بوونێکی سیاسیە کە کەسەکان (کۆیلە و نەدار و جەوساوەکان) بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان لە ناو ئیسلام ئەدۆزنەوە و ئەیانەوێت خەبات لە دژی ئەو دەسەلاتە بکەن کە لەسەر شان و بازوو و ماندوبوونی ئەوان ئەژین .

هەر بۆیەش لەم قۆناغەی ئیسلام هیچ یەکێک لە عەقایدیەکانی قوڕەیش یان عەرەب باوڕ بە ئیسلام ناهێنن وەک دینێک، لەوانەش کە دیسان خودی مێژووی ئیسلام باسی لێوە ئەکات بە ئیسلام نەبوونی هەر یەک لە (وەرەقەی کوڕی نەوفل و ئەبی تالیب)ن ، لە کاتێک کە زۆربەی سەرچوەکان بە ئیسلامیشەوە پێیان وایە کە وەرەقەی کوڕی نەوفل لەسەر باوڕی تاکە خوایی بووە و بە حەنیفی ناسراوە ، هەر ئەویش هانی موحەمەد ئەدات کە باوڕی تاکە خوایی لەناو عەرەبدا بلاوبکاتەوە ، لەکاتێک لە هەموو سەرچاوە ئیسلامیەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە وەرەقەی کوڕی نەوفل یەکەم کەس ئەبێت کە موژدەی پێغەمبەرایەتی ئەدات بە موحەمەد ، بەلام خۆی نابێ بە ئیسلام و باوڕ بەو دینە ناهێنێ کە

موحەمەد پێغەمبەریەتی ، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کەسێکی وەک وەرەقەی  کوڕی نەوفل ئامانجی تایبەتی خۆی لەگەل موحەمەد تا ئەو ئاستە یەکانگیر بووە کە موحەمەد بکات بە دەروازەیەک بۆ کۆمەلگای عرەرب و بتوانێ لە ڕێگایەوە باوڕی تاکە خوایی خۆی یان حەنیفیەتی خۆی تیا بگوازێتەوە ناو کۆمەلگای عەرەب ، ئەگەر نا دەبوایە وەرەقە یەکەم کەس بوایە باوڕی بە موحەمەد هێنابایە و ببوایە بە ئیسلام، ئەمە جێگای وەستانە و پرسیارێکی سەرسوڕهێنەرە کاتێک کە وەرەقە خۆی موژدەی پێغەمبەرایەتی بدات بە موحەمەد ، ئەی بۆ باوڕی بە ئیسلام نەهێنا ؟؟؟؟؟؟؟ ئایا ئەوە جارێکیتر نامانگەڕێنتەوە سەر ئەوەی کە بلێن ئیسلام لەو سەرەتای سەرهەلدانەی ئەوەندەی ئەرکی بزوتنەوەیەکی سیاسی لە ئەستۆ خۆی ئەگرێ ئەوەندە هەلگری عەقیدەیەکی دینی نیە .

دوای ئەوەش بە ئیسلام نەبوونی ئەبی تالیبی مامی لەگەل هەموو ئەو پشگیریەی کە لە برازاکەی ئەکرد واتای سیاسیانەی ئیسلام دەرئەخات نەوەک واتای عەقیدیانەی ، تا ئەمڕۆش ئیسلامەکان ناتوانن نکۆلی لە هەلوێستە دیار و ئاشکراکانی ئەبی تال بکەن  کە لە راستی ئەبی تالیب بەرگری لە برازاکەی کردووە نەوەک لە پێغەمبەری ئیسلامەکان لە کاتێک کە ئەبی تالیب کەسێکی بێ ئاگاو نەزان نەبووە، بەلکو شارەزایەکی باشیشی  لە بارەی دینەکانیتر هەبووە و پەیوەندیشی لە ڕێگای بازرگانیەوە لەگەل خەلکانێکی  دەرەوەی کۆمەلگای عەرەبیدا هەبووە ، ئەی بۆ باوڕی بە پێغەمبەرایەتی برازاکەی نەهێنا و بە کافری مرد ؟؟؟؟؟؟ ئەی ئەگەر ئیسلامی رەتکردەوە بۆ بەرگری و پشگیری لە برازاکەی کرد ، ئایا ئەوە نامان گەڕێنتەوە سەر ئەوەی کە بلێین لەم قۆناغەدا ئیسلام ئەوەندەی  بزوتنەوەیەکی سیاسی تایبەت بە عەرەب بووە و ململانەی سەرەکی لەگەل خودی دەسەلاتی قوڕەیش بووە ئەوەندە دینێکی عەقیدەیی نەبووە ؟

خودی مێژووی ئیسلام ئەوەمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە موحەمەد بەر لە پێغەمبەرایەتی چەندین جار چۆتە ناو کێشە و گیرو گرفتە سیاسیەکانی دەسەلات و کۆمەلگای عەرەبی بەتایبەت قوڕەیشی ، زەقترین نمونەش ئەوەیە کە تیرە و هۆزەکانی عەرەب ناکۆک ئەبن لەسەر  ئەوەی کە کێ بەردە رەشەکەی کەعبە لە جێگای خۆی دابنێت ، ئەو کات موحەمەد پێشنیاری ئەوەیان بۆ ئەکات کە لە جیاتی ئەوەی لەسەر دانانەوەی بەردی رەش خوێن بڕێژن و کوشتار بکەوێتە نێوانیان با بە هاوبەشی بەردەکە لە جێگای خۆی دابنێنەوە ئەویش بە راخستنی عەبایەکەی خۆی و دانانی بەردەکە لەسەری و هاوبەشی هەموویان  لە هەلگرتنی ، ئایا ئەوەش جارێکیتر ئەوەمان بۆ ئاشکرا ناکات کە موحەمەد بەر لە بوونی بە پێغەمبەر یان جاڕدانی ئیسلام چۆتە ناو گیر و گرفتە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان و بۆتە جێگای باوڕی خەلک وەک ئەوەی لە مێژووی ئیسلام بۆمان باس ئەکرێت کە بەر لە ئیسلامیش موحەمەد کەسێکی خۆشەویست و رێزدار بووە لەلایەن خەلکی عەرەب بە گشتی و لەلایەن خەلکی مەککە بە تایبەتی ، ئایا ئەوەش بنەمایەک و زەمینەیەک نیە بۆ دەسبەکار بوونی سیاسیانەی موحەمەد و بیرکردنەوە لە پرۆژەیەکی سیاسی وا کە بتوانێ لە ئاکامدا وەرجەرخانێک لە کۆمەلگای عەرەبیدا دەستەبەر بکات و سیستەمێکی نوێ  بۆ بەڕێوەبردنی دەسەلاتی سیاسی بەرهەم بێنێت ؟؟؟

کەواتە موحەمەد بەر لە ئیسلام کاری سیاسی خۆی کردووە و توانیویەتی بەر لە ئیسلام و بوونی بە پێغەمبەر سەرەتایەک بۆ بزوتنەوەی سیاسی خۆی بێنێتە ئاراوە ، لەکاتێک کە موحەمەد هیچ پەیامێکی خوای پێ نەبووە و ئەو کات نە قورئان هەبووە و نە هیچ ئایەتێک کە ببنە بنەما و ڕێگا پیشاندەر بۆ موحەمەد ، موحەمەد توانیویەتی لە ناو ململانە سیاسیەکەی ئەو کاتی کۆمەلگای عەرەبی شوێنی خۆی بکاتەوە ، هەر بۆیەش دوای جاڕدانی ئیسلام لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری خەلکەوە ئەو ئیسلامەی موحەمەد وەک درێژە پێدەری سیاسیانەی موحەمەد مامەلەی لەگەل کراوە نەوەک وەک دینێک .

بۆیەش لە سەرەتا باسمان لەوە کرد کە هەموو ئەو کەسانەی کە ململانەی سیاسیان لەگەل دەسەلاتی قوڕەیش هەبوو بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەبێ ئیسلام بوون پشگیریان لە ئیسلام کردووە ،لە هەمان کاتدا دەسەلاتی سیاسی قوڕەیش زیاتر ململانەی سیاسیانەی موحەمەدی کردووە نەوەک ململانەی

عەقایدیانە ، بۆ ئەمەش موحەمەد گەلێک جار دانوستانی لەگەل دەسەلاتی قورەیش کردووە و بە ئاشکرا بەرنامە و ئایدۆلۆجیەتی خۆی خستۆتە روو ، موحەمەد بە ئاشکرا باسی لەوە کردووە کە ئەیەوێ هەموو عەرەب لەژێر یەک ئالا کۆبکاتەوە بۆ رووبەروو بوونەوەی نەیارانی عەرەب کە ئەو کات بریتی بوون لە دوو زلهێزی ئێران و رۆم، بۆ ئەمەش موحەمەد سوودی لە ئەزمونی هەموو ئەو کەسانە وەرگرتووە کە بەر لە ئەو ئەم هەولەیان داوە و توانیویانە تا ئاستێک سەکەوتن بەدەست بێنن یان بە لایەنی کەم تەکانێک بە کۆمەلگای عەرەب بنێن و زەمینە خۆشکەر بن بۆ ئاسانکردن و لەبارکردن و گواستنەوەی عەرەب لە ژیانی خێلەکی و کۆچەریەوە بۆ نیشتەجێ بوون و بە شارستانی بوون ، ئەمەش بە ئاشکرا لە مێژووی عەرەبی پێش ئیسلام دیارە .

موحەمەد ئەو کات کە باسی لە نەیاری و دوژمن کردووە شتێک نەبووە بە ناوی ئیسلام کە لەسەر ئاستێکی دەرەکی وا ناسراو بێت یان خەتەرناک بێت تا نەیار و دوژمنی هەبێ ، بەلکو ئەوەی کە هەبووە ئەو پارچە پارچەیەی عەرەب بووە و کەوتۆتە ژێر دەسەلات و کۆنترۆلی ئێران و رۆم ، بە واتایەکیتر تا ئەو کات ئیسلام لە لایەن ئێران و رۆم نەناسراو بوو ، ئەوەندەی کە باسیشی لێوەکرابێت بە ململانەیەکی ناوەخۆی عەرەب سەیری کراوە ، بۆ ئەمەش هەندێ لە هێزەکانی دەرەوەی عەرەب ئەم هەنگاوەی موحەمەد بە خالێکی پۆزەتیف ئەبینن و ئەیانەوێ سوودی لێوەرگرن ، وەک دەسەلاتی حەبەشە ، بەلام لەلایەن هیچ هێزێکی دەرەوەی عەرەب ئیسلام ئەو کات بە ترسناک نەبیندراوە ، بۆیە ئیسلام ژێردەست و داگیرکراو نەبووە کە موحەمەد کار بۆ رزگار کردنی بکات ، بە پێچەوانە کۆمەلگای عەرەبی لەژێر دەسەلاتی ئێران و رۆم دابووە و داگیرکراوە ، کەواتە بەئاشکرا موحەمەد کاری بۆ یەکبوون و کۆکردنەوە و رێکخستنی عەرەب بووە تا بتوانێ لە ژێر رکێفی ئێران و رۆم دەری بێنیێ و بیکا بە هێزێکی گەورەی وا کە شان بە شانی ئەم دوو زلهێزە بێت، ئەم خەونانەی موحەمەد وەک خەونی زۆر لە کەسایەتیەکانی تری عەرەب لە سەردەمی خۆی نەهاتە دی بەلام هەموو ئەم کارانەی کە کران لە سەر دەستی موحەمەد و بەر لە موحەمەدیش بەرهەمەکەی لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب بە ئاکام بوو .

هەموو ئەمانە ئەوەمان بۆ دەرئەخەن کە ئیسلام درێژە پێدەری بزوتنەوەیەکی سیاسیە لە نیوەدورگەی عەرەب و بە پێ قۆناغە مێژوویەکان کاری خۆی کردووە ، چونکە ئەوەی ئێستا خستمانە روو لە سەرتای سەرهەلدانی ئیسلام و چۆنیەتی ئەنجامدانی کارە سیاسیەکان دواتر بە ئاشکراتر لە مێژووی ئیسلام بۆمان رۆن ئەبێتەوە کە چۆن تا دێ پرۆژەی سیاسیانەی ئیسلام گەورەتر و بەرفرەوانتر دەبێ ،

من لەم باسەشمدا نامەوێ ئەو مافە سیاسیە لە عەرەب بسێنمەوە و بلێم بۆی نیە لە پێناو رزگار بوون لە ژێر دەسەلاتی داگیرکەران و لە پێناو بە شارستانی بوونی خۆیان بۆیان نەبێ کە ئیسلام یان هەر باوڕێکیتر بکەن بە بنەما ، بەلام دەمەوێ ئەوە بلێم کە ئیسلام ئەوەندەی بزووتنەوەیەکی سیاسیە ئەوەندە دین نیە، بۆیە دەبینین لە قۆناغەکانی دوای هێز درووست کردن چۆن ئەبن بە داگیرکەر و ئەکەونە کوشت و بڕی میللەتانی نا ئیسلام و خاکی غەیرە عەرەبی داگیر ئەکەن و باج و سەرانە ئەخەنە سەر هەموو ئەو کەسانەی کە باوڕ بە ئیسلام ناهێنن .